

# بیر دەکەمەوە کەواتە هەم

## چاوخشاندنێک بە فەلسەفەی دیکارتدا

لەفارسییەوە: مەهدی سامانپور

رینیه دیکارت جگە لەوەی فەیلەسوف بوو، یەکێک لە ماتماتیکزان و فیزیکزانە گەورەکانی چاخی رۆشنگەریش بوو، بەشێوەیەک کە بەباوکی ئەندازەی شیکاریش ناوزەد کراوە. دیکارت لە٣١ی مارسی (١٥٩٦) لەفەرەنسا هاتوەتە دنیاو دوای قۆناغی خوێندنی هەشت ساڵەی لەتەمەنی بیست ساڵیدا روویکردوەتە گەڕان و دوای ئەوەش وەک خۆی دەڵێ هەوڵی دا بەدوای زانست و ژیری دابگەڕێ. لەو رووەوە چووەتە ریزەکانی سوپای هۆڵەندا وەو چۆتە جەنگو بەمشێوەیە سەردەمێکی تەمەنی خۆی لەبەشە جیاجیاکانی ئەوروپا بردوەتە سەر. ساڵی (١٦٢٩) دیسان دەچێتەوە هۆڵەنداو نزیکەی بیست ساڵ لەوێ و لەرەوشێکی ئارامدا خەریکی لێکۆڵینەوە دەبێ. لێکۆڵینەوەکانی دیکارت زیاتر ئەزموون و رامانی تایبەتی خۆی بوون، ئەو کەمتر سوودی لە کتێب و بابەتی نووسراو وەردەگرت، ئەمە دەمانخاتەوە یادی سوکرات کە لەکۆڵانەکانی ئەسینا پیاسەی دەکردو لەگەڵ هەموو کەسدا دەکەوتە باسکردنی فەلسەفەو هەرگیز شتێکی نووسراوی لەدوای خۆی جێنەهێشت.

دیکارت لە سێپتەمبەری (١٦٤٩) لەسەر بانگهێشتی شاژنی سوید بۆ فێرکردنی فەلسەفەی خۆی، چووە دەرباری شاژنی ناویراو لەستۆکهۆلم، بەڵام هەلومەرجی ئاووهەوا، هەروەها ئەو شێوەژیانەی کە دیکارت پێیەوە راهاتبوو ئەوی تووشی نەخۆشی هەوکردنی سیەکان کردو لە(١١)شوباتی (١٦٥٠) هەر لەوێدا کۆچی دواییکرد.

ئەو سەردەمەی کە سوکراتی تیا دەژیا بەسەردەمی (گومان)یش ناودەبراو ئاشکرایە(گومان) نەك هەر باوەڕی ئایینی لاواز دەکاتو دەیخاتە شلەژانەوە، بەڵکو ئاسایشو ئارامی ژیانیش دەشێوێنێ، دیکارتیش کە باوەڕی بە ئایینی مەسیحیەت هەبوو وەك خۆی دەڵێ:" بوونی خوایی وەك پرسە بیرکاریەکان، بەپرسێکی بێچەندو چوون دەزانی، بۆ نەهێشتنی گومانداریو رزگارکردنی باوەڕو زانست لەدەستی (گومان) فەلسەفەیەکی نوێی داهێنا، بۆیە ئەویان بەباوکی فەلسەفەی نوێش ناو بردوە".

ئەو وەك ئەرشمیدس کەپێیوابوو: (بۆئەوەی بتوانێت گۆی زەوی هەڵگرێو بیگوازێتەوە شوێنێکی تر، تەنها پێویستی بە خاڵێکی جێگیرو سەقامگرتوو هەبوو)، بەدوای خاڵێکی جێگیردا دەگەڕا، تاکو پاڵی پێوەبدات. لەو رووەوە دیکارت دەڵێ: (لەسەرەتادا دەبێ گومان لەهەموو شتێك بکەیت.) ئەو نەیدەویست هەنگاوی یەکەمو پایەی ساختمانەکە لەشوێنێکی ناجێگیرو سست دابنێو لەدرێژەی ئەو گومانەیدا زیاتر دەچێتە پێشو دەڵێ: (تەنانەت ناتوانین متمانە بەهەستەکانیشمان بکەین، بۆی هەیە هەستەکانیشمان فریومان بدەن.)، بەڵام لەو میانەدا ئەوەی کەبۆ ئەو ساغبووەوەو بێچەندو چوون بوو هەمان ئەو گومانکردنەی ئەو بوو. ئەو گومانە تاکە شتێك بوو کەئەو یەقینی پێهەبوو و تۆ کاتێك گومان دەکەیت، بەمسۆگەری بیر دەکەیتەوە، کەبیردەکەیتەوە مسۆگەر بیرت لەبوونەوەرێك کردوەتەوە، یان بەوتەی خۆی :(بیردەکەمەوە، کەواتەهەم).

ئەو دەڵێ: (کاتێ من بڕیار دەدەم کە شتێك هەیە ئەوە، ئەو کاتەیە کە ئەو شتە دەبینم، هەڵبەتە پێویستە خودی خۆشم کە ئەو شتە دەبینم بوونم هەبێ، چونکە رەنگە ئەوەی دەیبینم لەراستیدا ئەو شتە نەبێ، هەروەها بۆی هەیە تەنانەت چاویشم نەبێ کە شتێك ببینێ، بەڵام مەحاڵە کاتێ دەبینم، یان بیر دەکەمەوە کە دەبینم (جیاوازی تیا نیە) بوونم نەبێ.)

دیکارت ئەو خاڵە جێگیرەی بەدەستهێنابووو لەدرێژەی باسکردن لەو خاڵە زیاتر دەچێتە پێشو دەکەوێتە هەوڵی سەلماندنی خواوەند، نەفس، دەرخستنی ماهیەتی هەڵە، دەرخستنی ماهیەتی مادەو سەلماندنی جیهانی دەرەکی، کە ئەمانە هەمووی لە نووسراوی (رامانەکان)ی ئەودا کۆکراونەتەوە.

کتێبی رامانەکان نەك باشترین بەرهەمی دیکارتە، بەڵکو بەباشترینو گرنگترین بەرهەمی سەدەی حەڤدە دەژمێردرێ.

بوونی خواوەند لەدیدی دیکارت هەروەك (هەرکەس بیریکردەوە، کەواتە هەیە)ی خۆی بێگومان بوو. ئەو دەڵێ: (وێناکردنی بوونی کامڵ لەهەمووماندا هەیەو پێویستی وەها وێناکردنێك ئەوەیە، کە دەبێ بوونێکی کامڵ، بوونی هەبێ، چونکە ئەگەر بوونی کامڵ نەدەبوو، جگە لەوە ئەگەر ئەو بوونە کامڵە نەبایە، وێناکردنەکەی بەزهنماندا نەدەهات! بەوتەی دیکارت وێناکردنی خواوەند، لەزاتی مرۆڤ دایە، ئەو وێناکردنە لەو کاتەی دێینە دنیاوە، وەکو نیشانەیەك کە دروستکەرێك لەسەر ئەو شتەی کە دروستیدەکات دادەنێ، ئاوا لەئێمەدا نەخشی بەستووە، چونکە وێناکردنی کەماڵ لەمرۆڤی بێکەماڵ مەیسەر نییە"

